کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:38 13-8-2007

## حکومەت گرانی بازاڕتان پیرۆزبی ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

لەگەڵ ئەوەی ماوەی چەندین ساڵە خاوەنی حکومەت و دەسەڵاتی خۆمانین، بەڵام تاکو ئێستا



نەمانتوانیوە یاسایەك بۆ بازاڕ دابنێین تا کاڵاکان هەریەکەیان نرخی دیاری کراوی خۆیان لەسەربی، کەبازرگانە چاوچنۆك و دوکاندارە مرۆڤ کوژەکان هەریەکەیان یاری بە بازاڕو بازرگانی دەکەن، حکومەتیش مێشی میوانی نیە و بێدەنگە لەئاست هەموو ئەو نایەکسانیەی کەلە بازاڕەکانی کوردستاندا هەیە کە جۆرەها شتی خەیاڵی لەسەر شت و مەکەکانە، بۆ هەر سات و ڕۆژێکیش نرخەکان ئەگۆڕێت، دوکاندارەکان زیادوو کەمیان پی دەکەن.

کەچی ئیدارەی شارەکان کۆبونەوە لەسەر کۆبونەوە دەکەن و هەڕەشەی دوکان داخستن لەبازارەکان و دوکاندارەکان دەکەن کە یاری بە بازاڕ دەکەن، بەڵام هێشتا پیلانێکی باش و گونجاویان نیە تاکو ڕێگا چارەیەکی باش و تەندروست دابنێن بۆ دانانی نرخ لەسەر شت و مەك و کاڵاکان، هاوڵاتیانیش بێزارن بەرامبەر ئەو نایەکسانیەی لەبازارەکانی کوردستان داهەیە، بەڵام جۆرە بێدەنگیەکیان پێوە دیارە، چونکە ئەوان دەسەڵات و حکومەت بە هی خۆیان دەزانن، گەرچی بێزاریشن، بەڵام چارەیان ناچارە بێدەنگ بن، چونکە بێدەنگی ئەوان هونەری گفتوگۆیە لەگەڵ ئیدارەو دەسەڵات کە لەوەتەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی تێکەڵ بوونەتەوە، نرخی کاڵاکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیادی کردووە دەبوایە بە تێکەڵ بوونەوەی ئەو دوو ئیدارەیە حکومەت لەو پاشاگەردانیە رزگاری بوایە، کەم و کوڕیەکان چارەسەر بکرابانایە، بەڵام نەك هەر چارەسەرنەکران، بەڵکو خەریکە گەندەڵی سیمای حکومەت و دەسەڵات ناشیرن دەکات کە ئەمەش دیاردەیەکی ترسناکەو مەترسی گەورەی هەیە لەسەر وڵات چونکە پاشاگەردانیەك دروست دەکات کە هیچ کەس خۆی بەبەرپرس نەزانی تاکو ڕێگا چارە بدۆزێتەوە بۆ رووبەروبوونەوەی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخەکان، کە ئەویش نرخ دانانە لەسەر کەل و پەلەکانی بازاڕ وپێویستە لیژنەیەکی چاودێریش لە ئیدارەو پۆلیس و شارەوانی پێك بی و دوکان بە دوکان و هەموو بازارەکان بگەڕێن و نرخ بۆ کاڵاکان دابنێن تاکو هەرکەسی نەیتوانی پابەند بی بەیاسای بازاڕ ئەوا غرامە بکرێت مقابیل سەرپێچیەکەی بۆ ماوەیەکی کاتیش دوکانەکەی پی دابخرێت، چونکە میللەتی ئێمە ئەڵی ی قەرزی لەسەر حکومەتە هەرکاتێك پێی بڵی ی یاسا جی بەجی بکە وا ئەزانی غەدری لی ئەکەی، بۆیە هەر وڵاتێك و حکومەتێك بە خاترو خوایش وبە خاتری ئەم و لەبەر ئەو کاری کرد ناتوانی سەرکەوتووبی، هەق وایە بازرگان و دوکاندارەکان پابەند بن بە مەرجە یاساییەکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیان چیتر یاری بە بازارو بازرگانی نەکەن، چونکە ئیتر حکومەت ئەبی وەخۆ بکەوی و چاوو لە کەس نەپۆشی وە هەر دەسەڵاتێك نەتوانی کاروباری بازار ڕێك بخات بێگومان لەکاری حوکمرانیدا سەرکەوتوو نابی، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمە چونکە زۆرینەی خەڵك لە چینە هەژارو کەم دەرامەتەکانە وە هەر ئەوانیش پاڵپشتی حکومەت و دەسەڵاتن و جێبەجی کەری یاساکانی وڵاتن، ئیتر چاك وایە حکومەت ئەوەندەی گرنگی دەدات بە دروست کردنی شتی ناپێویست هەوڵی زیاتری ئاوەدانکردنەوەی وڵات بدات و خانوو ئاپارتمان دروست بکات بۆ هاوڵاتیان و بە نرخێکی کەمی حکومی بیدا پێیان بەمەش هەم حکومەت سوودمەند ئەبی و هەم هاوڵاتیانیش لە بی خانوویی رزگاریان دەبی و کارێکی تر ماوە کە حکومەت پێی هەڵبستی ئەویش دروست کردنی بازاری حکومی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-8-2007 18:38

سۆپەرمارکێتی حکومیە لە ناو بازارو گەرەکەکانی شارو شارۆ چکەکاندا هێنانی کەل و پەلی ئیستیراد کراوو بۆی و فرۆشتنەوەی بە نرخی حکومی بە هاولاتیان و، بەمەش هاولاتیان ئەتوانن سودمەندبن و ئەرکی زۆری مەسرەفی رۆژانە لە ئەستۆیان ببێتەوە، بەمەش ئابووری ولات ئەبوژێتەوەو بازارو بازرگانیش زیاتر گەشە ئەکات و پێش ئەکەوی، هاولاتیانیش ئەتوانن بەشێك لەو پارانەیان کۆبکەنەوە تاکو لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنن، بۆیە ئەڵێم حکومەت گرانی بازارت پیرۆزبی چونکە دوای 16ساڵ لەتەمەنی حکومەتی خۆماڵی نەمانتوانیووە کێشەکان چارەسەر بکەین و لانیکەم نرخەکان و گرانی بازار کۆنترۆڵ بکەین، هەر گەلێك و نەتەوەیەك ئەوەندە تەمەنی ئازادیەکەی بوایە پێموایە هاوشێوەی ولاتە پێشکەوتوەکانی جیهان بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەناو گەلان و دەولەتانی تر ئیرەییان پی دەبرد، بۆیە ناتەبایی سیاسی و یەکتر بوغزاندن هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات وپێش هەموو شتێك پێویستە نرخەکان بکەوێتە ژێر چاودێری و گرانی بازارکۆنترۆڵ بکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.